# زانین و دەسەڵات:
# خوێندنەوەی فوکۆ وەك خۆی

د. کەمال میراودەلی

بەشی دووەم

## شێتیی و شارستانێتیی

ئەو کتێبە ئەجندایەکی تایبەتی و تازەباوی هەیە. فوکۆ مەبەستی ئەوە نییە مێژووی شێتیی بنووسێتەوە، مەبەستی ئەوە نییە زانیاری زیاترمان بداتێ و بە شێوەیەکی ڕوونترو تۆمار کراوتر پێمان بڵێ لە ڕابردوودا چ ڕوویدا. بە پێچەوانەوە، دەیەوێ وێنەیەکی ڕوونترمان دەربارەی ئێستا و ڕانەبردوو، بداتێ. دەیەوێ بە زمانی ڕابردووەوە ئێستا بخوێنێتەوە. فوکۆ ڕوونی دەکاتەوە کە (شێتیی) لە کۆزانێك concept بەولاوە هیچی دی نییە. ئەو کۆزانەش بە میکانیزمی کۆمەڵایەتی دەسەڵات بە پێی قۆناغ و سەردەمەکان گۆڕاوە، مانای تازەی وەرگرتووە و دووربەندیی نوێی بەخۆگرتووە. هەڵوێست بەرامبەر شێتیی هەڵوێست و پراوەیەکی کۆمەڵییە. بە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی مێژووی شێتیی فوکۆ دەیەوێ بگاتە خاڵێکی سفر کە تێیدا ( شێتیی) لە ( هۆشمەندیی) -عەقڵ- جیاکراوەتەوە. لە چ خاڵێکدا شێتیی وەلانرا، زیندانیی کراو لە ( هۆش/ عەقڵ) دابڕدرا؟ و بەم جۆرە شێتی بوو بە پێچەوانەی عەقڵ، بە ناهۆشمەندیی، ناعەقڵیی؟! نەمانی ژیریی و تێگەیشتنی عەقڵانی؟

شێتێتی بە جیاکردنەوەی کۆمەڵە مرۆڤێك و بەندکردنیان لە بەندگای تایبەتیی‌دا- دەستی پێکرد. لە سەدەکانی نێوەندا ئەوانەی تووشی (گولیی) Leprosy بوون جیاکرانەوە و لە بەندگای تایبەتیدا بەند دەکران نەك تەنیا لەبەر ئەوەی نەخۆش بوون خەڵك لێیان دەگرتەوە بەڵکو لەبەر ئەوەش کە دیمەنیان دزێو و ناحەز بوو. لە سەدەی چواردەدا، گولی نەما. بەڵام ئەو (بەندگا) زل و زەبەلاحانەی کە بۆ دورخستنەوە و خڕ کردنەوە و بەندکردنی گوولان دروستکرابوون، دەورێکی دیکەی وەرگرت.

لە سەدەی پازدەدا، کەسانی ناسراو بە لات و پووت و بێکەس دەخرانە کەشتی گەورەوە و کە بێگانەکان پارەیان دەدرایە تا دووریان خەنەوە و زیاتر دەبردران بۆ کۆلۆنییەکان. لە سەدەی حەڤدەدا خەڵکێکی زۆر بەند کران: ئەمانە تاوانباران و شێتان و هەر کەسێ بوون بە شێوەیەکی سەیر و

نامۆ ڕەفتاریان بکردایە: {بۆ نموونە ئەوانەی (فێیان) هەبوو، ئەو نەخۆشانەی پێشتر لە ماڵەوە ئاگاداری دەکران و دوایی وازیان لێ دەهێنرا، هەروەها سواڵکەر و فەقیر و هەموو ئەوانەی بێکار بوون.
بەر لەوەی شێتیی رام بکرێ،" لە هەموو ئەزموونە مەزنەکانی رێنایسانز دا بەشدار بوو." یەبکێك لە بەهێزترین سیمبلەکانی ئەم بەشداریکردنە 'کەشتی حەپۆلان" بوو. Ship of Fools ،" ئەو بەلەمە سەیرە سەرخۆشەی کە بە رووباری هێمنی راینلانلاند Rhineland و کەنالەکانی فلێمیش دا دەهاتە خوارێ و بووە سروشی داهێنانی کاری ئەدەبیی و هونەریی زۆر و زەبەند.
لەم کاتەدا شێتان نەدەگیران، بەڵکو لە شار وەدەر دەنران، راودەنران، رێیان پێدەدرا بە ئازادیی لە لادێکاندا بسووڕێنەوە، یان دەدرانە دەست حاجی و بازرگانان تا بیانبەن و لە شوێنێکی دوور لە وڵات فڕێیان بدەن.
گەرچی خەمی نیزام و ئاسایشی گشتی دەوری لەمەدا هەبوو، ریچواڵی جیاکردنەوەو وەدەرنانیش exclusion لە گۆڕێ بوو. فوکۆ ئەم وەسفە جوانە دەنووسێ:
" شێت هەبوون لە بەرچاوی خەڵك قامچییکاریی دەکران، و لە شێوەی لاساییکردنەوەی جۆرە گەمەیەکی پێشبڕکێ، بۆ دەری شار راوەدوو دەنران.. بەڵام ئاو بەهای خۆی بۆ ئەم ئەستوورایییە تاریکە زیاد کرد. ئاو رادەماڵێ، لەمەش پتر، پاك دەکاتەوە. دەریاوانیی مرۆڤ دەداتە دەست بۆ بڕاوەی (قەدەر) ی نادیار؛ لە ئاو دا هەر یەك لە ئێمە لە دەست چارەنووسیی خۆمان داین. هەر سەرئاوکەوتنێك دەشێ دواییین بێ. ئەوە بۆ دنیای دیییە کە شێتان لە بەلەمی حۆلان دا دەچن. ئەوە لە دنیای ترەوە هاتووە کاتێ لە بەلەمەکەی دادەبەزێ. گەشتی شێت لە یەك کاتدا لەتبوونێکی تەواوو تێپەڕبوونێکی رەهایە. لە ڕوویەکەوە، بە بەرینایی جیۆگرافییەکی نیوە-وابوو، نیوە خەیاڵیی تەنیا شوێنی شێت لە ئاسۆی خەمیی سەدەی نێوەندییدا برەو پێدەدا... بە بەندکردنی لە ناو کەشتییەکدا، شێت دەدرێتە دەست رووبار بە هەزار قۆڵەکانیەوە، فڕێ دەدرێتە ناو دەریا بە هەزار رێگاکانیانەوە، دەدرێتە دەست ئەو نادڵنیایەی لە دەرەوەی هەموو شتێکە. ئەو دیلێکە لە ناوقەدی ئازادترین و کراوەترینی رێگاکاندا، بە سەرەڕێیە بێکۆتاییەکانەوە بەستراوەتەوە. .. ئەو خاکەی بۆی دێ، هەروەك ، دوای گەیشتنی، ئەو خاکەی لێیەوە هاتووە، نەزانراون. ئەو نیشتمان و راستیی تەنێ لەو بەرینایییە بێبەرەی نێوان دوو وڵات دایە کە هی ئەو نین...ئایا ئەو ریچوال و ئەو بەهایانەن کە دەکرێ لە هەموو کولتووری رۆژاوایییدا

شوێنپێیان هەڵبگرین؟ . هەر نەبێ شتێك ساغبۆتەوە: سەردەمێکی درێژە ئاوو شێتیە خەونی مرۆڤیی رۆژاواییدا پێکەوە بەستراون."" [MC, 10-12]

دوایی (شێت) بوو بە وەسفێکی دی بۆ کەسانی بێکار و فەقیر. ئەوانە تەنیا بە گرفتێکی ئابووریی دانەدەندران بەڵکو بە گرفتێکی مۆراڵیش و شێتیی بە شەرم و شوورەیی دادەنرا و دەبوایە بشاردرایەتەوە. لەگەڵ ئەم هەڵوێست گۆڕانە سەبارەت بە (شێتی)، مانا و ئایدیای شێتیش لە سەدەی حەڤدە و هەژدە گۆڕانیان بەسەردا هات.
لە سەدەکانی نێوەندا شێتان بە ئازادیی لە ناو کۆمەڵدا دەگەڕان. ئەوان تەنانەت بە کەسانی پیرۆزو نوورانی دادەنران . لە سەردەمی ریناسانزدا بە هۆی بزووتنەوەی مرۆڤیاریی و زانستی نوێوە، گۆانێك لەم هەڵوێستەدا ڕوویدا. ( پیرۆزیی) شێت گۆڕا بە کۆزانی هیومانیستی (دانایی wisdom )، ژیریی! شێتی ژیر، ڕەنگدانەوەیەکی ئایرۆنی Ironic گەمژەی کۆمەڵ بوو. شێتەکانی شکسپیر بە شێوەیەکی شاراوە ڕاستییان دەدرکاند. شێتیی دۆنکیشۆت گەمژەیی مرۆڤایەتی نیشان دەدا. بەدوای ریناسانزدا سەردەمی کلاسیکی هات کە لە ترادیشنی ئینگلیزدا پێی دەوترێ سەردەمی هۆشمەندیی – عەقڵ –. دەکرێ بڵێین ئەم سەردەمە بە دیسکارت Descartesدامەزرێنەری فەلسەفەی رۆژاوایی نوێ دەست پێ دەکات.
دێسکارت (گومان) ی کردە بناغەی دایلەکتیکی فەلسەفەی نوێ. ئەو عەقڵی کردە ئامرازێك بۆ گومانکردن لە هەموو شتێك. چۆن بزانم ئەوەی دەیزانم زانینێکی درووستە؟ ئێمە لە ڕێگەی هەستەوە شتەکان ئەزموون دەکەین و دەناسین، باشە ئەگەر هەستەکان خۆیان ناتەواوو شێوێنەر بوون؟ بڵێی جیهان تەنیا خەونێك و بۆشاڵێك نەبێ؟ تەنانەت زانیاری وردو بڕاوەی ماتماتیك، بڵێی بلیمەتییەکی شەیتانی ئەوەمان فێرنەکات؟ دیسکارت دەگاتە ئەو ئامانجەی کە تاکە شتێکی راست سەبارەت بە بوونی خۆی ئەوەیە کە بیردەکاتەوە کە ئاگادارە لە پرۆسەو ئاکامی بیرکردنەوەی. ئەم ئەنجامەش لە وتە مێژووییەکەیدا دەردەبڕێ:
Cogito ergo Sum ( من بیردەکەمەوە کەوایە من هەم).
فوکۆ سەرنجێکی زۆر گرنگ دەربارەی دێسکارت دەردەبڕێ. دیسکارت عەقڵ بەکاردێنێ بۆ گومان کردن لە هەموو شتێ، پرسیارکردن دەربارەی راستی و درووستی و عەقلانێتی هەموو شتێ. بەڵام دیسکارت لە بۆچوونە گوماندارییەکەی تا ئەو ئاستە ناڕوا کە: گومان لە عەقڵ و لە هۆشمەندی خۆی بکات؟ ئەمەش ئەوە نیشان دەدا کە لە سەدەی کلاسیکیدا، سەدەی عەقڵ، هۆشمەندیی بوو بە گەورەترین دەسەڵاتی گومان لێنەکراو و پرسیار

لێنەکراو. هیچ هێزێك نەبوو بشێ و بتوانێ بەرامبەر هێزی عەقڵ بوەستێ. عەقڵ بوو بە سەرەتاگەیەکی ڕێبەرییکەری هەموو بیرێکی هۆشمەندانە، و بەم کارە هەرێمێکی تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان کرد: هەرێمی عەقڵ بۆ ئەوەی ئەمەش توانبووبێ، دەبوو مەرز و سنووری خۆی لە (ناعەقڵ) جیا بکاتەوە.

ئەم جۆرە بیرکردنەوە تیئۆرییە بەزوویی لە پراوەشدا رەنگی دایەوە.
شەش ساڵ دوای مردنی دێسکارت خەستەخانەی گشتی Hospital General لە پاریس بۆ جیاکردنەوەو وەلانشینکردنی شێتان و لات و لووتەکانی دی وەك سواڵکەرو تاوانکاران کرایەوە، دەوترا یەك لە سەدی پاریسییەکان وەلانشینکران.
بەم جۆرە شێتی بوو بە (ناعەقڵ) و بە شێوەی فیزیکیش لە دنیای ژیریی و هۆشمەندیی جیا کرایەوە. بەڵام شێتیی بە تەنیا وەلا نەنرا، کۆمەڵێ ڕەوشت و ڕەفتاری نامەعقوڵ و ناژیرانە و ناپەسەند خرانە پاڵ شێتیی و لە (کۆمەڵگای عەقلانی) جیا کرانەوە. یەکەم جار سواڵکەر و بێکاران، ئەوسا گرۆیانی دی وەك خۆحەزان Homosexual، گەڕۆکانی بێ ماڵ و حاڵ Vagrants و سەرخۆشان.
مانای شێتیی گۆڕا.
شێت ئەو پیاوە گەمژەیەی شکسپیر نەما کە قسەی عاقلانەی دەکردن. [ قسە لە شێت بیسە یان لە منال- کورد گوتەنی]. نا، ئێستا شێتیی بوو بە عەیب و عار, بە کەمیی و داوەشینی کۆمەڵایەتی.
شێتیی نەك هەر زمانی عەقڵی نەما، بەڵکو زمانی بڕدرا، بیeدەنگ کرا، دوور ڕەت (نەفی) کرا و لە ژینی گشتیی و کۆمەڵایەتی دوور خرایەوە.
ئاخاوتنی عەقڵ لەمەش زیاتر کاری لەسەر (شێتێتی) و (شێت) کرد.
کردی بە (بابەت)- بابەتێك بۆ گاڵتەپێکردن و کردنی بە نموونەی ناعەقلانی و ڕەفتاری نەخواستراو و سووك- سەیر کراو.
سەردانی شێتخانەکان بۆ بینینی شێتانی وەلانشینکراو و لێدانی زیندانییەکان بە قامچی یان بینینی داڕزان و سووکایەتی پێکردنیان بوو بە بەزمێکی کۆمەڵایەتی کە خەڵك بۆ پێخۆشبوون بۆی دەچوون.
ساڵی زیاتر لە 96،000 کەس سەردانی خەستەخانەی شێتانی (بێثلهام)یان لە لەندەن دەکرد.
ئەم (نابەردەوامیی) یان (پچڕانە) لە نێوان سەردەمی ڕینایسانز و سەردەمی کلاسیکی ئەو ئەنجامەی لێکەوتەوە کە شێتێتی بوو بە (داوەشان)، بە (سووکایەتی) و بە (تاوان).

کە شێتیی ئاوا (وەلانراو) ناسێنرا، بەرامبەر ئەوە (ڕەفتاری ژیرانە و مەعقوولانە)ش، شوناسی خۆی درایە. هەوڵی لێکدانەوە و بیرکردنەوەی عەقڵانی لە کۆمەڵ بووە هۆی پەیدا بوونی هزری وەك ڕەوشتی کار Work ethic و ئەرکی مۆراڵی (ئەخلاقی) ئەمانەش خرانە ناو یاسا شارستانییەکانەوە.
لادانی ڕەوشتیی Deviancy بوو بە ناعەقڵ.
بەم جۆرە ئەم زانینە تازەیە بوو بە هێزێکی تازە.
پێوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست بوو.
یەکتریان بەرهەم دەهێنایەوە.
ائەوەی لەم ناوەدا ون بوو، بێدەنگ کراو بوو، : شێوەکەی تری شێتیی بوو: شێتیی عەقڵ خۆی. شێتیی سەپاندنی تۆتالیتارێتی عەقلانییەتی دیسکارتی و دوورخستنەوەی هەر شتێك هەڕەشەی لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی دەکرد وەك مەرجی لەدایکبوونی ئەم عەقڵە و پشتگوێخستنی گوێگرتن لە شێتیی خۆمان یان لەو کەسانەی ناوی شێتیان بەسەردا دابڕاوە.

بەڵام ئەم جۆرە تێگەیشتنە دەربارەی شێتێتی بەردەوام نەبوو.. بەڵکو تووشی دابڕان و پچڕان و نا بەردەوامییەکی دیکەش هات.
لە کۆتایی سەدەی کلاسیکی، یان سەدەی عەقڵ دا، بزوتنەوەیەکی چاکسازیی دەرکەوت. چاکسازان Reformists ئەم وەلانشینییە و زیندانیکردنەی شێتانیان بە کارێکی بەربەرییانە دانا. بەلای ئەوانەوە شێتی (تاوان) نەبوو، بەڵکو جۆرێك بوو لە (نەخۆشیی).
شێتی نەخۆشییە! بۆیە شێتان دەبێ لە خەستەخانە چارەسەر بکرێن، نەك لە زیندان و شێتخانەکاندا سزا بدرێن و سووکایەتییان پێ بکرێ.
لێرەوە، شێتەکان لە وەلانیشی ڕزگار بوون و خرانە ژێر چاودێری پزیشکییەوە.
بەڵام ئەم هەنگاوە تەنیا گوازتنەوە بوو لە ئازادیکردنی لەش لە زیندانیی، بۆ زیندانیکردنی هۆش.
شێتان وا دانران کە عەقڵیان نەخۆش و ناتەواوە. بۆیە دەبوو هەمیشە چاودێری بکرێن، لە ژێر ئاگاداریدا بن. لە جیاتی زنجیری دەست و پێ، دەبوو ببنە ژێر فەرمانی داو و دەرمان.
لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا فرۆید ئەم مامەڵەکردنەی شێتی هانگاوێکی دی بۆ پێشەوە برد.
شێتیی هیچی تر بێدەنگ نەمایەوە.
شێتان لەسەر تەختی وەزمانهێنانی سایکیاتریستەکان دادەندران.

هاندەدران قسە بکەن، باسی خۆیان بکەن. خۆیان دەربڕن، چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە!
بەڵام ئەم ئازادییەش وەلانشینیی و ژێرفەرمانیی خۆی هەبوو.
سایکیترسیتەکان بوون شێتەکانیان بەپێی ستراکتووری زانست و داخوازی و خواستی خۆیان بە قسە دێنا.
شێتەکان بۆ سایکتیریستەکان قسەیان دەکرد نەك بۆخۆیان.
لەمەوە (ئاخاوتنێکی سایکیاتری) درووست بوو.
ئاخاوتنێك کە ستراکتوور و ڕێ و شوێنی دانراوی خۆی هەبوو.
ئاخاوتنێك کە نەخۆشەکەی دەخستە ژێر دەسەڵاتی فراوان و هەمووزانی سایکیاتریستەوە.
لێرەشدا پێوەندی توندوتۆڵی نێوان (زانین) و (دەسەڵات) ئاشکرا بوو.
لێرەشدا فوکۆ نموونەی کۆمەڵگای بۆرژوازیی دەسەڵاتیار (Authoritarian) ی دەرخست.
ئەوەی ئێستا شێتی دەناساند و گەمارۆی دەدا، سایکیاتری (دەرونناس) بوو.
عەقڵ بوو بە ساغیی دەروونی.
لێرەشدا دیسانەوە کۆزانی (عەقڵ) گۆڕانی بەسەردا هات. مانای تازەی وەرگرت و لە مانا کۆنەکانی بازی دا. چونکە ئێستا عەقڵ و دەروونساغی بەرامبەر بە شێتیی خۆیان ساغ دەکردەوە و پێچەوانە دەکرد و دەناساند.
اعەقڵ و شێتیی لە دوو خانەی جیاوازدا دانران بێئەوەی کۆگەیاندن communicationلە نێوانیاندا هەبێ. فۆکۆ دەنووسێ:
" لە دنیای نهێنیی نەخۆشی عەقڵییدا مرۆڤی نەودەم لەگەڵ شێتدا نادوێ. لە لایەکەوە پیاوی عەقڵ شێتیی دەداتە دەست دکتۆر، بەم جۆرە تاقە پێوەندییەك کە هەبێ لە ڕێگای کۆبووونیuniversality ئەبستراکتی نەخۆشییەوەیە؛ لە لایەکی دیکەوە پیاوی شێت دەنگی بە کۆمەڵ لە ڕێگای عەقڵێکی ئەبستراکتی هەر ئاواوە رادەگات: کە بریتییە لە نیزام، بەربەستی constraints فیزیکی و ڕەوشتیی، فشاری نادیاری گرۆ، پێداویستییەکانی خۆگونجاندن. شتێ نییە یان راستتر نەماوە کە زمانی هاوبەش بێ. دامەزراندنی شێتیی وەك نەخۆشی عەقڵیی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، بەڵگەی دایەلۆگێکی بڕدراومان دەداتێ، هەموو ئەو وشە لاڵگۆ و ناتەواوە بێ ڕێزمانی چەسپاوانە، کە ئاخاوتنی نێوان عەقڵ و شێتیی لە ڕێگایانەوە ئەنجام دەدرێ، دەخاتە ناو دنیای بیرچوونەوەوە.
کەوایە ئەم بەربەرەکانییەی لە بن زمانی عەقڵەوە روو دەدا چییە؟
لە کوێدا پرسوجۆیەكinterrogation دەتوانێ ڕێبەریمان بکات کە بەدوای عەقڵ لە ڕێرۆیە ئاسۆییەکەیدا نەکەوێ، بەڵکو شوێنپێیی ئەو ستوونییە

نەگۆڕە لە کاتدا هەڵگرێ کە ئەوە دەخاتە بەردەم کەلتووری ئەورووپی کە هەو نییە، کە مەوداکانی لە رێگای لادانەکانی خۆیەوە دادەمەزرێنێ؟
دەتوانین بچینە چ هەرێمێکەوە کە نە مێژووی زانین بێ، نە مێژوو خۆی بێ؟
کە نە بە ئامانجداریی teleology راستیی، نە بە زنجیرەی هۆشمەندانەی هۆکانەوە کۆنترۆڵ کرابێ، مادام هۆکان خۆیان نرخ و مانایان تەنیا لەودیوی دابەشبوونەکە هەیە؟
هەرێمێك کە بێگومان پرسەکەی سنوورەکانی کەلتوورێکە نەك شوناسەکەی؟
(MC, xii-xiii)

لای فوکۆ ئەگەری مێژوو بە پێداویستی بوونی شێتیی یەوە بەستراوە. لەوە دەچێ فوکۆ بڵێ: بە چاکی سەیری عەقڵ بکە، شێتیی دەدۆزیتەوە."'
(Sheridan, 1981, p15)

لە پشکنینی مێژووی شێتیی‌دا فوکۆ دەریدەخا کە ئەو جۆرە ڕەوشت و ڕەفتارەی کە کۆمەڵ لە قۆناغێکی مێژوویدا بە (شێتیی) دادەنێ، لە قۆناغێکی مێژوویی تردا بە ئاسایی دادەنێ و ڕێزی لێ دەگرێ.. پێناسەی (ڕەفتاری ئاسایی) و ( خووـو ڕەوشت و ڕەفتاری) نائاسایی، لە کاتی جیاوازدا، بۆ ڕێکخستن و بەردەستکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە کارهێنراوە. لەمەش پتر، پێناسەی کۆمەڵ بۆ خۆی، پێناسەی بۆ (ئاسایی) و (قبووڵکراو) و چاکڕەوشتیی، لە پێشەوە نەبووە:
یەکەم جار (نائاسایی) و (ناساز) دۆزراوەتەوە، دەستنیشان کراوە، وەلانراوە، دوورخراوەتەوە، ئەوسا بەرامبەری پێچەوانەکەی وەك ئاسایی و عەقڵانی ناسێندراوە. بۆیە سیستمی عەقڵ و کەسێتی عاقڵان بە کەلتووری شێتی و کەسانی نائاساییەوە بەندە! دیاری کردنی کۆزانی نائاسایی و ناساز و شێتە، کە لەلایەکی دیکەوە، کۆبەندی هێز دادەمەزرێنێ و دەیخاتە کار. هەمیشە کەسانی ئاسایین و ژیرن و کە دەسەڵاتیان بەسەر کەسانی نائاسایی، تێکچوو، نەفام و شێتدا، هەیە.
ئەو زانیارییەش کە ئێمە لەو دەستە وەلانراوانە هەمانە، ئەو زانیارییانەن کە دەسەڵاتدارەکان دەیڵێن و بەرهەمی دێنن. سایکۆلۆجیست باسی شێت و عەقڵ تێکچوو دەکا. دکتۆر باسی نەخۆش دەکات، پۆلیس و دادگا پێناسە و ژیاننامەی تاوانبار دەخوێننەوە. سیاسییەکان باسی ئاژاوەچی و مناڵ و پاڵ و پیلانکاران و ڕەوشت بەدان و زمانپیسی دەکەن. ئێمە دەنگی شێت، مناڵ، نەخۆش، تاوانبارکراو، زیندانیی خۆیان نابیسین لە ڕێگای دەزگا و دەنگی دەسەڵاتەوە نەبێ. لە پشت و لە دەور و لە بن و لەسەری هەموو دەزگای هێز

و دەسەڵاتێکیش جۆرە ستراکتووری زانین و بیرکردنەوە هەن کە بە شێوەیەکی سیستیماتیکی بە ئاگا، یان بێ ئاگا، نەک تەنیا بیرکردنەوەی کەسەکان دیاری دەکەن و بەڵکو وەك (تاك) ی ناو کۆمەڵ و وەك (مێگەل) دروستیان دەکەن.
شێوەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زمان و زاراوە و ئاخاوتنەکانی ڕێگایەکی ئەو دروست کردنەیە. با سەیری زاراوەکانی شێتی بکەینەوە:
ژنێك دەقیژێنێ و خێرا خێرا بە مست لە هەوا و بۆشایی دەوری خۆی دەدا.
پیاوێك باوەڕی وایە جنۆکە دەستی لێوەشاندووە و هەر دەقیقەیەك بێ شێت دەبێ.
کەسێک کە لە قوژبنێکدا ڕەق ق مات دانیشتووە، نە دەجووڵێتەوە، نە قسە دەکا، گەرچی توانستی ئەوەشی هەیە هەستێ و بڕوا و بدوێ.
ئەوانە چۆن وەسف دەکەی؟
ئایا ئەوانە گرفتی سۆزبەندییان (عاتیفیان) هەیە؟
ئایا مێشکیان تەواو نییە؟
ئایا هەموویان یەك جۆرە دەردیان تووش بووە؟
چ وات لێدەکا هەرسێکیان بخەیتە یەك خانەی پێناسینەوە؟ گەر زمان نەبێ، گەر وشە نەبێ، گەر کۆزانی کۆمەڵایەتی نەبێ، ئێمە ناتوانین وەسفی ئەم سێ کەسە بکەین.
دەبێ ئایدیایەکی وەك (شێتیی) هەبێ، تا بتوانین بڵێین: ئەمانە شێتن، یا دەبێ شێت بن.
ئایدیای (شێتی)یە کە ئەو توانستەمان دەداتێ هەرسێکیان لەیەك خانەدا پۆلێن بکەین، بەند بکەین، پەراوێزیی بکەین؟ بەبێ ئایدیای (شێتیی) ناتوانین ئەو سێ کەسە بەرامبەر (عەقڵ) و (ژیری) دابنێین.
بە وەسف کردنی ئەو سێ کەسە خاوەن ڕەفتاری جیایە، ئێمە دەتوانین ئەوان لە (ڕەفتاری ئاسایی) و لەمەوە لە پێناسەی عەقلانی (ڕەفتاری ئاسایی) دوور خەینەوە. دەتوانین وەلایان نێین، جیایان کەینەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی باسیان بکەین.
فوکۆ دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو، بۆ ئەرشیف، بۆ جینۆلۆجی پەرەسەندنی ئایدیاکان و دامەزراوەکان، تا ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە کە بیرەکان، کۆزانەکان، زانینەکان، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویین، تا ئەوەندە ڕاستییان تێدایە کە کەڵکی قۆناغە مێژووییەکە و پێویستیەکانی دەسەڵات دەگرن.
ئەو کۆزان و بیرانە لە بنەڕەتدا بۆ جیا کردنەوە ی گرۆهانیکی خەڵك لە ناو کۆمەڵدا بە پێچەوانەی ڕەفتاری ئاسایی درووست بوون.

## تێگەیشتنی ئێستا

مەبەستی فوکۆ چی بوو لەم کارە گەورەیەی نووسینەوەی مێژووی شێتیی؟

مەبەستی فوکۆ خوێندنەوەی ڕابردوو، وەك مێژوو، نەبوو. مەبەستی فوکۆ ئەوە بوو بەخەڵکی ئێستا بڵێ کە ئەو بیر و کۆزان و وشە و زاراوەگەلەی ئێستا باون هەمووی دروستکراوی تێکەڵییەکی نێوان زمان و دەسەڵاتن و هیچیان ئەبەدی و نەگۆڕ نین.

مەبەستی فوکۆ ئەوە بوو بڵێ ڕوانگەکانمان سنووردارن، پێوەستن بەو هەلومەرجانەی دروستیان کردوون و بەستراون بە کۆبەندی دەسەڵاتەوە و لە ئامانج و ئەنجامدا دەسەڵات گرتن بەسەر لەش و ڕۆحی مرۆڤدا ئاقار و ئاکاری سەرەکی ئەو بیر و کۆبەندانەی دەسەڵاتە..

مەبەستی فوکۆ ئەوە بوو بە ڕاکێشان و ڕاتەکاندنی زنجیر و بەند و زنجیرە مانای مێژوویی شێتیی، مرۆڤ خەبەرکاتەوە و ئاگاداری بکات چۆن خۆی دەبێتە دیل و بیر بەستراوی ئەو بیر و زانینانەی بە پێوەندی نێوان زانین و دەسەڵات دروست دەبن.

گەر (عەقڵ) ئاوا مانای گۆڕیبێ، ئیدی هەموو بیر و کۆزانەکانی دی هەر لە (خودا) وە تا (دەوڵەت) و (زانین) و (پەروەردە) و (یاسا) و (نەتەوە) و (چین) و هتد، هەر هەموویان بە شێوەی مێژوویی دابڕاو، بەپێی پێداویستییەکانی دەسەڵات، دروست بوون.

لە سەردەمی نوێدا تاقە ڕێبازێك بۆ ئەوەی شێتیی خۆی دەربڕێ، و لە دەسەڵاتی هەموو داگر و بێ سنووری هۆش ڕزگاری بێ، ئەوە بوو خۆی دابڕێ و لە خۆیدا بژی؟

بەڵام چۆن؟ ئەمە تەنیا هەندێ هونەرمەند و فەیلەسوف دەیانتوانی ئەنجامی بدەن کە ئێکستریم و زێدەڕۆیی ئەوان لە سنوور و ڕۆخبەندییەکانی عەقڵییان تێدەپەڕاند. فوکۆ ڤان کۆخ و دی ساد de sade و ئارتۆد Artaud بە نموونە دێنێتەوە. نیچەش یەکێ بوو لەوانەی شێتییەکەی بێدەنگی کرد. نیچە دەڵێ [ هیچ مرۆڤێ کە لە ناویا ئاژاوە نەبێ، ناتوانێ ئەستێرەیەکی سەماکەر بهێنێتە بوون].

ئەم هونەرمەندە فەیلەسووفانە شێتیی خۆی دەردەبڕن و بەم کارە شتەکان بەراوەژوو دەکەنەوە.

لە ئاست ئەو کارە تەواوانە، دنیای عەقڵ ناچارە بە خۆیدا بچێتەوە.

ئەم جۆرە هونەر و خەیاڵەی شێتێتی، تێگەیشتنی ئێمە لە عەقڵ دەشێوێنێ و بەرفراوانتری دەکا.

نموونەی ئەمە: تابلۆکەی ڤان کۆخە: شەوی پڕ ئەستێرە! لەم سەردەمەدا بوو کە سایکیاتریستی سکۆتی: لانگ R.D. Lang سروشتی سیکۆزۆفرینی شێتیی دۆزیەوە.
بەپێی لانگ، زمانی ئالۆز و بەیەك ناکۆکی سیکیزۆفرینی دەربڕینێکی زانیارییانەی ڕاستییەکی شوێندراوە کە نەخۆش ناتوانێ دەری بڕێ.
سیکیزۆفرینیا بەرهەمی ئەو حاڵەت و هەلومەرجە پێکناکۆکەیە کە نەخۆش خۆی تێدا دەدۆزێتەوە- بۆ نموونە: پەروەردەبوونی منالێك لە ناو خێزانێکدا کە هەمیشە هەرا و دەمەقالێ لە نێوان باوك و دایکدا تێدا بێ. ئەمە وابوویەکی (ریالیتییەکی)، دەوروبەرێکی، لەت بوو دروست دەکا و منالْ دوایی دەروونی لەت دەبێ، چونکە ناتوانێ ئەو ریالیتییە شێواوە بە زمان دەربڕێ.
فوکۆ لە هەموو ئەمانەوە دەری دەخا کە ئایدییای ئێمە دەربارەی (شێتیی) بە چەند نابەردەوامییەك و دابڕانێکدا تێپەڕ بووە کە پێشکەوتنێکی پێویست و لۆژیکی و (حەتمییەتی) مێژوو نەبوون، بەڵکو پەیوەیست بوون بە هەلومەرج و پێشهاتەوە. ئەو گۆڕانانە خۆیان هۆشیار (مەعقول) نەبوون. بەڵام بوونە هۆی گۆڕان لە پراوەی دەسەڵاتدا- ئازادیی شێتان، زنجیربەندکردنیان، چارەسەرکردنیان، خستیانە ژێر چاودێری سایکیاترییەوە.
بەڵام ئەو نموونەیە شتێکی دابڕاو نەبوو. سایکۆلۆژی و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشدا تەنیا نموونەیەکە لە گۆڕانی پێوەندی نێوان زانین و دەسەلات- کە لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سۆسیۆلۆجی و تەنانەت زانستدا روو دەدات.
هەمیشە لەگەڵ هەر جۆرە گۆڕانێکی کۆبەندی زانیندا، بازدانێك لە کۆبەندیی دەسەڵاتدا ڕوو دەدات.
شێتی و شارستانێتی لە ساڵی 1961 دا بڵاوکرایەوە و فوکۆی وەك بیرمەندێکی لە پاریس دامەزراند.
ئەوسا بازاڕی روناکبیریی فەرەنسا، موناڤەسە، پێشبڕکێیەکی گەورەی تێدا بوو.. دەستەی کۆن باویان نەمابوو. سارتەر و بوونیاریی، ستراکتورالیزم، و مۆدێلە جیاوازەکانی مارکیسزم هەر هەموو جێیان پێ لەق بوو بوو. دێریدا و هەڵوەشاندنەوە، بارت و و سیمیۆتیك، و ئێستا فوکۆ و لەرزاندنی زەمینەی عەقڵ، باویان پەیدا کرد. فوکۆ دێریدا و بارتی دەناسی. لێفت بانك لە پاریس شوێنێکی بچووکە کە پڕە لە قاوەخانە کە ڕووناکبیرانی فەرەنسی ڕووی تێدەکەن. بەڵام گەرچی بە ڕواڵەت لێکچوون لەنێوان میتۆدی فوکۆ و دێریدا و بارتا هەبوو، جیاوازییەکان تا دەهات زیاتر دەردەکەوتن.

## لەدایکبوونی کلینیك (عیادة): ئارکۆلۆجییەکی ڕوانگەی پزیشکی:

لە ساڵی 1963 دا فوکۆ کتێبی ( لە دایك بوونی کلینیك) ی بڵاوکردەوە.
ئەم کتێبەش نموونەیەکی دیکەیە لە هەوڵ و ماندووبوونی زۆری فوکۆ بە باسکارییەوە. ئەو چەندەها رۆژی درێژی لە کتێبخانەی نەتەوەیی پاریس بەسەر بردن تا سەدان بەڵگەنامەی ئۆریجینالّ ( ئەسڵی) بخاتە ژێر کارە (ئەرکێۆلۆجی) یەکەیەوە،
فوکۆ دەیوت کە هەر کتێبێ لەسەر پزیشکی کلینیکی لە نێوان 1790 و 1820 دا دەرچوو بێ خوێندویێتییەوە. لەم کتێبەشدا فوکۆ بە پێی بەرنامە ئەریکۆلۆجییەکەی (کە دواتر بە درێژی باسی دەکەین). نابەردەوامیی و پچڕانەکان لە بوارەکان و کۆبەندەکانی زانیندا ڕوون دەکاتەوە. لەم کتێبەدا نیشانی دەدا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا پچڕانێکی دیکە روویدا پزیشکێتی کلاسیکی جێگەی بۆ پزیشکێتی کلینیکی خۆش کرد. پێشتر ئامانجی پزیشکی ئەوە بوو کە دەردو نەخۆشی نەهێڵێ و لەشساغیی بپارێزێ. ئێستا لەشی خەستە خۆی بوو بە نێوەندی (چەقبەندی) سەرنجی پزیشکی و ئامانجی پزیشکێتی بە شێوەیەکی گرنگ گۆڕا. هزری نادیار و بەڵام گوایە خۆدیاری لەشساغیی بە ئامانجی گێڕاندنەوەی نەخۆش بۆ حاڵەتی ئاسایی (ساغیی) گۆڕدرا. بە لە دایك بوونی کلینیك (عیادە) پزیشکیی بوو بە زانست. بەم پێشکەوتنەش خۆی بە کۆمەڵە زانستێکی دیکەوە گرێدا وەك: فیزیۆلۆجی، ئەنەتۆمی، کیمیاو بایۆلۆجی. بە گرتنی شوێنی خۆی لە کۆمەڵگای دامەزراودا( کۆمەڵگای دامەزراوەکان) Institutional society ، پزیشکیی پێوەندی لەگەڵ ستراکتوورە سیاسیی و کۆمەڵییەکان بەست. ئایدیای ئاسایی بوون (نۆرمالیتی) بەرامبەر بە ئایدیای تەندرووستی مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە گرتن. هەر وەك چۆن (شێتیی) لە دامەزراوەی ( شێتخانەدا asylum) وەلانرا، لەشساغییش لە ( کلینیك) دا جێگای کرایەوە.
گرنگی نووسینەوەی مێژووی عەقل و شێتیی و ساغیی و نەخۆشیی و دامەزراوەکانیان لەوەدایە کە فوکۆ وەك نەریتی فەیلەسوفەکان نەهات بابەتی عەقڵی تەنیا وەك پرسێکی تیئۆری و داڕشتەو ستراکتووریی زمانەوانی شیکاتەوە و باس بکا. ئەو مرۆڤ خۆی مرۆڤی زیندوو، مرۆڤی لەش و هۆش، لە چوارچێوە زیندەگییە سنووردارەکەیدا دەکاتە بابەتی سەرەکی باسی خولیاو شیکردنەوەکانی. فوکۆ تەنیا ستراکتوورە زانگەییەکانی ( ئیپستیمۆلۆجییەکانی) دروستبوونی ئاخاوتنی عەقڵ و شێتیی و پزیشکیی و

سایکیاتریی بۆ ئێمە بەشێوەیەکی باسکاریی و سیستماتیکی قووڵ و فراوان شی ناکاتەوە، بەڵکو دینامیکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیشمان بۆ دەردەخا. ئەو دەری دەخا مێژوو پێشکەوتنێکی بەردەوام نییە. مێژوو دیوارێکە پڕە لە کون و کەلێن و بۆشایی و بێدیواریی. مێژووی زۆربەی ئەو شتانەی کە ماناو مەبەست بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵی مرۆڤ دەدەن، هێشتا نەنووسراونەوە: مێژووی خۆشەویستی، دایکایەتی، تەماع، دلرەقیی، چەوساندنەوە، سزا، خیانەت و ئەم جۆرە شتانە بە تەواوی ونن. چۆن ئێمە دەتوانین گۆڕانەکان لە ستراکتووری دەسەلات و کۆمەڵدا تێبگەین، کە زۆر لایەنی ز